TIME

# باشترین داهێنانەکانی ساڵ

گۆڤاری تایم (TIME) ساڵانە راو سەرنجی خۆی لەسەر زۆربەی شتەکانی جیهان وەک، کەسایەتییەکان، فیلمەکان، داهێنانەکان، بابەتە زانستییەکان...تاد دەردەبڕێ.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩دا گۆڤاری تایم باشترین داهێنانەکانی خۆی هەڵبەتە

## ئاسانتر هەناسە هەڵمژە

هەناسەدان و هەناسە هەڵمژین، بابەتی سەرەکی پەیوەندیدار بە مەرگ و ژیانی گیاندارانن. ئەو شوێنانەی هەوای پاك و بێگەردی لێیە، مرۆڤ دەتوانێ ئۆکسجن باشتر هەڵمژێ. هەتا گازی (دووانە ئۆکسیدی کاربۆن) لە هەوادا هەبێ کێشەکانی پەیوەندیدار بە کۆئەندامی هەناسەدان زیاتر دەبن، بەتایبەتی شێرپەنجەی سییەکان.

چەند ئامێرێك بەرهەم هاتوون کە رێژەی (دووانە ئۆکسیدی کاربۆن) دەستنیشان دەکەن، بەڵام هیچ ئامێرێك ناتوانێ (رادۆن) بدۆزێتەوە. رادۆن گازێکە کە بە کورتکراوەی (RN) دەناسرێ و ئەم گازە بێ رەنگ و بێ بۆنە و تەندروستیی مرۆڤ دەخاتە مەترسیەوە.
کۆمپانیای Airthings ئامێرێکی بەرهەم هێناوە و کە بەهۆی ئەپێکی مۆبایلەوە بەکارهێنەر دەتوانێت بوونی گازی مەترسیداری رادۆن دەستنیشان بکات. هەروەها دەتوانێت رێژەی (دووانە ئۆکسیدی کاربۆن)یش لە هەوادا بزانێ کە چەندە.






## دۆشەکێک بۆ خەوێکی ئارام

تەندروستیی جەستە، دەمار و دەروونی هەرکەسێك پەیوەندیی هەیە بە خەوێکی خۆشەوە. خەوێکی ئارام و حەسانەوەیەکی باش. گەلێك ئامێر و شێواز و دەرمان و چارەسەری تایبەت بۆ خەوێکی ئارام دەستنیشان کراون. یەکێك لەو ئامێرانە دۆشەکێکی زیرەکە کە لە دروستکردنی ئەودا لە لوولەی باریکی ئاو سوود وەرگیراوە و لە درێژایش شەودا دەتوانرێ پلەی گەرمیی ئاوی کەناڵەکانی ژێر دۆشەکەکە رێك بخرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئارامی بەکارهێنەرەکەی.. چەندین هەستەوەری تێدایە کە بۆ رێکخستنی لێدان دڵ و هەناسەدان سوودی لێدەبیندرێ.



## چاویلک

چاویلکە تەنیا بۆ دیتنە، ئەویش بۆ ئەوانەی هێزی بیناییان کەم بووە. یان بۆ ئەو نابینایانەی کە دەیانەوێ کەم ئەندامی چاوەکانیان بە چاویلکە بشارنەوە.
لەم چەند ساڵەی دواییدا گەلێك چاویلکەی سمارت بەرهەمهاتن کە زۆر ئەرکی دیکە جیا لە بینین ئەنجام دەدەن.
چاویلکەی جۆری OrCam MyEye 2 یەکێکە لەم چاویلکانە. چاویلکەکە بۆ ئەم کەسانە بەرهەمهاتووە

TIME

# ـــــەدەی ٢٠١٩ بە ڕای گۆڤاری تایم

**بە رای گۆڤارەکە دەست نیشان کردووە، زۆربەی داهێنانەکان کە گۆڤاری تایم باسیان دەکات، تایبەتن بە ئامێرەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستیی مرۆڤ و ژینگە، دیارە بابەتەکان گەلێکن لە نێو ئەو داهێنانەدا چەند داهێنانێکمان هەڵبژاردووە..**



## گۆچانی زیرەک بۆ نابینایان

نابینایان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە، گەلێك ئاسانکاریان بۆ کراوە، ئامێری وا بەرهەمهاتوون کە گرفت و لەمپەرەکانی سەر رێگای نابینایان بۆ بەکارهێنەرەکانیان دەستنیشان دەکەن و لە راستیدا دەستگر و یارمەتیدەری نابینایانن.

گۆچانی زیرەکی وا بەرهەمهاتووە کە بەکارهێنەرەکەی بۆ هەرشوێنێك مەبەستی بێت، بەبێ گرفت رێنوێنی دەکات. جار هەیە خودی نابیناکانیش بەرهەمهێنەری ئامێرەکانی تایبەت بەخۆیانن.

(کۆرسات سیلان) کە خۆی نابینایە پێشووتر لە ئاپی مۆبایل و گۆچانی هۆشمەند نیازی هەبوو بچێتەوە هۆتێلەکەی، بەڵام لە نیوەی رێگادا تووشی بەربەستێك بوو و سەری خۆی پێداکێشا. هەربۆیە هەوڵیدا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەوە دووپات نەبێتەوە خۆی گۆچانێکی زیرەك بەرهەم بێنێ. گۆچانە زیرەکەکەی بەناوی (WeWALK) بەرهەم بێنی. ئەم گۆچانە زیرەکە دەتوانێت ئەو کۆسپانەی لەسەرووی سینگی بەکارهێنەرەکەین بناسێنێ و لە دوورەوە ئاگاداری بکاتەوە.




## ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جیوب

بۆشەلەکان (Sinuses) کە بە عەرەبی پێیدەگوترێ (جیوب) ئەو بۆشاییانەن کە بە هەوا پڕ دەبنەوە و لە دەوروبەری لووت و چاوەکانن...

ئازاری جیوب لە وەرزی سەرمادا یەکێکە لە ئازارە باوەکان. گەلێك دەرمان و رێگا چارەی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جیوب بەکاردێت. لەم دواییانەدا ئامێری تایبەتیش بۆ کەمکردنەوەی ئەم ئازارە بەرهەم هاتووە. کۆمپانیای (clea-rUP) ئەگەر نەخۆش جارێك رۆژانە بۆ ماوەی پێنج خولەك لە سەرچاو دابندرێ، دەتوانرێ ئازاری جیوب کەم بێتەوە. ئەم ئامێرە دەتوانێت ئەو دەمارانەی کە بە بۆشەلەکانەوە پەیوەندداروان ئارام بکاتەوە.




## ـــــەی وتەبێژ

کە سۆما و بینینی چاویان کەمی کردووە. چاویلکەی ناوبراو جگە لە بینین وتەبێژ واتە قسەش دەکات. بەهۆی چوارچێوەی سمارتەکەی رووخسار و دیمەنەکان بۆ بەکارهێنەرەکەی دەناسێنێ، لە هەمووشی گرنگتر کتێب و رۆژنامەکانی بۆ دەخوێنێتەوە و گشت تابلۆ و دیمەنەکانی سەر شەقام بۆ بەکارهێنەرەکەی شی دەکاتەوە.

چاویلکەکە دەتوانێت بە زیاتر لە ٤٨ زمانی زیندووی جیهان قسە بکات.




# هواوی و مەچەکبەندی باند٤

هـواوی لـە بەرەبـەرەی کۆتایـی سـاڵی ٢٠١٩دا نوێترین مەچەکبەندی خـۆی بەناوی (Huawei Band 4 Pro) خستەڕوو. مەچەکبەندێك جگە لەو ئەرکانەی مەچەکبەندی دیکە ئەنجامی دەدا، سیستەمی GPS و NFCیشی تێدایە.

مەچەکبەندی ناوبراو شاشەیەکی بچووکی هەیە قەوارەکەی کەمترە لە ئینجێك. چوارچێوەکەی لە کانزایە و بەڵام باندەکەی لە جۆری پلاستیکە.

لـە بواری کارکردەوە مەچەکبەندەکە بۆ ١١ جۆری حاڵەتی وەرزشی جۆراوجۆر لەناوخۆیدایە، هەروەها زانیاری لەبارەی ١٢٧ حاڵەتی وەرزشی جۆراوجۆریش لە خۆیدا خەزن دەکات. هەستەوەرێکی تێدایە کە ڕێژەی ئۆکسیژێنی ناوخوێنی بەکارهێنەرەکەی دەپێوێ. هەروەها هەستەوەری لێدانی دڵ و چاودێری خەویشی تێدایە. جگە لەوەش سیستەمی NFC سەربەخۆی تێدایە کە دەتوانێت کاروباری پارەدانی ئۆنلاین ئەنجام بدا.

# کیبۆردی هەمە کارە

کیبۆرد یا تەختەی دوگمەکان، بۆ فەرمانـدان بـە کۆمپیوتـەر و مۆبایـل و تەبلێت و..تـاد، بۆ تایب کردن بە دە پەنجە دەبێت. بەبێ کیبۆرد بەکارهێنەر ناتوانێ سوودێکی ئەوتۆ لە کۆمپیوتەر وەربگرێت و هەروەها ئەگەر بتەوێ بە مۆبایلیش تایب بکەی دەبێت کیبۆرد بەکار بهێنی..

کیبۆردی جۆری Foldable Stick ئەو کیبۆردەیە لەیەك کاتدا بۆ گشت ئەو ئامێرانە دەبێت کە پێویستیان بە کیبۆرد و تایب کردنە..

ئـەم کیبۆردە بەهـۆی بلوتوسـەوە بـە ئامێـرەکان دەبەستریێتەوە.

کیبۆردەکە دەنوشتێتەوەو بچووك دەبێتەوە و دەکرێت بۆ گەشت وگەڕان لەگەڵ خۆتی بەری. لە یەك کاتدا بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت دەبێت.

کیبۆردەکە وزەکەی خۆی لە باترییەکی قەڵەمی وەردەگرێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانێ سوودی لێوەربگرێت. کیبۆردەکە لەگەڵ هەر سێ سیستەمەکە واتە ئەندرۆید و ویندۆز و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت، پێکهاتووە لە ٦٤ دوگمە. لەوکاتەی کە کار بە کیبۆردەکەی دەکەی، کیبۆردەکە قەوارەکەی وەك کیبۆردێکی ئاسایی لێدێت، بەڵام ئەوکاتەی کە کاری پێناکرێت دەنووشتێتەوە.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت لەو ڕۆژانەدا سەردانی ماڵپەڕێکی کەلوپەل فرۆشتنم بە شێوەی ئۆنلاین کرد، داوای هەژماری فەیسبوك و پاسۆردەکەی لێکردم، دوای ئەوە هەر ڕۆژە کێشەیەکم بۆ دروست دەبێ هۆکارەکەی چییە؟**


خوێنەری بەڕێز دەستبەجێ بچۆ سەر بەشی ئەمنییەتی فەیسبوکەکەت، چونکە نابێ بە هیچ جۆرێك ئەکاونت و پاسۆردی فەیسبوکەکەت بۆ هیچ ماڵپەڕێك بنێری.. ئەوانە زیاتر ماڵپەڕی ساختەن بۆ دزی ئەکاونتەکان.. ئەوان پاسۆردەکەی تۆ ناسڕنەوە، هەر بە پاسۆردی تۆ دەچنە سەر ئەکاونتەکەت و دواتر کێشەت بۆ دروست دەکەن. ئێستا بچۆ سەر فەیسبووکەت، دەبینی ژمارە مۆبایلێکی دیکە لە بەشی ئەمنییەتی زیاد بووە، دوای ئەوە چەند شوێنێکی تایبەت بە ئەمنییەتی دەستکاری کراوە. دەستکارییەکان باش بکەوە.. ئەگەر خۆت شارەزانیت لە کەسێکی شارەزا یارمەتی وەربگرە..

# پرۆگرامێک بۆ چارەسەری کێشەی فلاش میمۆری

فـلاش میمـۆری لە ریزی گرنگتریـن ئامرازەکانی داتا راگواسـتن دێت. گەلێك جاران ئەوەتان بۆ هاتۆتە پێش کە فلاش میمۆرییەکەتان تووشی گرفتی ویرۆس بووە. بەهۆی گرفتی ڤایروسەوە ناتوانی فایل و داتاکانی ناوەوەی سەیر بکەی. تەنانەت ئەنتی ڤایرۆسـەکانیش چارەسەری ناکەن.

هەندێـك ڤایرۆسـیش ئوتۆماتیکـی زیـاد دەکەن و هـەر ئامێرێکی وەك فلاش میمـۆری یـا هـارد بـە کۆمپیوتەرەکـە پەیوەنـد بـدەی تووشـی دەبـێ. ئەگـەر سیسـتەمەکەش بگۆڕێـت دیسـان کێشـەکە هـەر دەمێنـێ، چونکـە گوازراوەتـەوە بـۆ فـلاش میمـۆری یا هارد. لە کاتێکی وادا پرۆگرامی USBFix یارمەتیدەرتان دەبێ.

ئەم پرۆگرامە دەتوانێت ڤایرۆسـەکان بدۆزێتەوە، هەروەها بەر لەوەی فلاش میمۆری بخەنە سەر کۆمپیوتەر بەرگری دەکات لەوەی ڤایرۆس بچێتە ناویەوە.




کارکردنـی پرۆگرامەکـە هـەر ئەوەنـدە نییـە، بەڵکـو کێشـەکانی وەك شـاردنەوەی فایلـەکان، نەناسـینەوەی فـلاش میمـۆری، کێشـەی فۆرمات نەبوونـی فـلاش ...تـاد ئەوانـەش چارەسەر دەکات.

پرۆگرامەکـە لـە یـەك کاتـدا هەم ئەنتـی ڤایرۆسـە و هـەم چارەسـەری کێشەکانی دیکەش دەکات.



## ماڵپەڕێک بۆ نەخشەسازی بینا و خانوو

بـۆ ئـەوەی نەخشـەیەك بـۆ خانوویـەك یـا بینایەکـی تایبـەت دروست بکەی، پێویستت بە پرۆگرام، هەروەهـا زانیاریـی نەخشەسـازییە. پرۆگرامـی نەخشەسـازی گەلێکـن، وەك پرۆگرامـی ئۆتـۆکاد و هاوشـێوەکانی..

ئەگـەر پرۆگرامـی باشـیش هەبێ و سـەرەتایەك لە زانستی نەخشەسازی نەزانـی رەنگـە سـوودێکی ئەوتـۆی نەبـێ. جگـە لـە پرۆگـرام، گەلێـك ماڵپـەڕی تایبـەت بـە نەخشەسـازیش هـەن، ماڵپـەڕی https://app.ce-/dar-architect.com/en یەکێکـە لـەو سـایتانە. ماڵپەڕەکە بە خۆڕاییە، ئـەوەی پەیوەنـدی هەبـێ بـە زانسـتی نەخشەسـازی تێیدایـە. دەتوانـن ئەوەی پەیوەنـدی بە نەخشەسـازی خانوو بێ، وەك دیوار دەرگا و ژوورەکانی نوسـتن و چێشـت لێنـان و..تاد لـەو ماڵپەڕەدا نەخشەسـازی بکـە.. بـەڵام لـە پێشـدا دەبـێ هەژمارێکـی تایبـەت بـە خۆت لەو ماڵپەڕەدا بکەیەوە..

# ئەگوستیلەیەکی سمارت بۆ پەنجەمۆر

سیسـتەمی پەنجەمـۆر، بەهێزتریـن و ئەمنییەتتریـن سیسـتەمی سـیکۆریتییە. هـەر کەسـێك لـە جیهانـدا خاوەنـی پەنجەمـۆری خۆیەتـی و هـی هیـچ کەسـێك لـەوی دی ناچـێ.

ئێسـتا ئەنگوسـتیلەیەك بەرهەمهاتـووە کـە پەنجەمـۆری دەسـتکرد بەرهـەم دێنـێ. ئـەم پەنجەمـۆرە بـۆ کردنـەوەی قفڵـی مۆبایـل و دانـی پـارەی ئۆنلایـن سـوودی لێوەردەگیرێـت. ئاشـکرابوونی ئـەو بـە قـەد زانیاریـی بایومەتـری مەترسـیدار نییـە.

ئـەم ئەنگوسـتیلە بەرهەمـی کۆمپانیـای (کاسـپەر سـکایە) و دەتوانێـت پەنجەمـۆری جۆراوجـۆر بەرهـەم بێنـێ.

ئـەو ئەنگوسـتیلەیە بـە پرینتـەری سـێ رەهەنـدی دروسـتکراوە ئامانجیـش لـە بەرهەمهێنانـی رێگایەکـە بۆ بەرگـری کـردن لـە دزی زانیـاری بایومەتری. نەقیمـی ئەنگوسـتیلەکە وەك سـکاینەرێکی بایۆمەتـری دەچێـت بـە داگرتنـی لەسـەر مۆبایـل یـا لـە شـوێنەکانی پـارەدان کاری پەنجەمـۆر دەکات.

ئەگەر ئەنگوستیلەکە ون بێت یا زانیارییەکانی سەری ئاشـکرا بـن، کەسـەکە دەتوانێـت ئەنگوسـتیلەیەکی دیکـە لـە شـوێنی ئەنگوسـتیلە ون بووەکـە دابنـێ و زانیارییەکانـی بـۆ سـەر ئـەو ئەنگوسـتیلەیە کۆپـی بکرێـن.

